UNHCR
The UN Refugee Agency

## ئاگاداری گرنگ

**بۆ دانیشتوانی کەمپی پەنابەران لە کەمپەکانی (دارەشکران، کەورگۆسک، قوشتەپە  و باسیرمە) و ناوچەکانی دەوروبەر لەسەر تۆمارکردن لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران**

**ناوەندی تۆمارکردنی کۆمسیاری بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران  لە هەموو کەمپی پەنابەران و ناوچەکانی دەوروبەری چالاکییەکانی لە  ٢٠٢٤ /٠٢/١٥ ڕادەگرێت.**
**وە لە ٢٠٢٤/٠٢/١٥ وە پەنابەرکانی نیشتەجێی کەمپەکان و ناوچەکانی دەوروبەری دەتوانن داوای دیاریکردنی کات بکەن بۆ چالاکیەکانی  ناوتۆمارکردن لەسەر ئینتەرنێت  وە کۆمسیاری بالای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران  پەیوەندییان پێوە دەکات بۆ بەرواری چاوپێکەوتن  بۆ سەردانی ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی بەحرکە لە شارۆچکەی بەحرکە**

## بۆچی خزمەتگوزارییەکانی تۆمارکردن لە کەمپەکەدا بەردەوام نابێت؟

١. **لەگەڵ پێشکەشکردنی بڕوانامەی تۆمارکردنی دوو سالی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران** کە زۆربەی ئەو پەنابەرانەی لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن مافی ئەوەیان هەیە، ڕێژەی نوێکردنەوەی بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران کەمبووەتەوە، داوا لە پەنابەران دەکات تەنها دوو ساڵ جارێک دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی تۆمارکردن بگات، یان ئەگەر پێکهاتەی خێزانەکە گۆڕانکاری بە سەردا بێت.

٢. یەکخستنی چالاکیەکانی تۆمارکردن لە یەک شوێن **تێچووی پێویست کەم دەکاتەوە** بۆ بەڕێوەبردنی ٥ شوێنی جیاواز کە هەمان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی **باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان** بۆ باشترکردنی جۆری خزمەتگوزاریەکا ن.

٣.  دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تۆمارکردن لە یەک شوێنی ناوەندیدا دڵنیایی دەدات لەوەی کە **هەموو پەنابەران و پەناخوازان بە یەکسانی وە بەبێ جیاوازی دەستیان بەئەم خزمەتگوزارییانەدا دەگات.**

UNHCR
The UN Refugee Agency

**پارە مەدە! هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران و هاوبەشەکانی  پێشکەش دەکرێن بەخۆڕاییە!**

ئەگەر تۆ  ڕووبەڕووی  هەرساختەکاری یان گەندەڵی بوویت، یان ئەگەر داوای پارە یان هەر شتێکی ترت لێ کراوە لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران تکایە هەواڵ بدە لە ڕێگەی

irqfraud@unhcr.org , یان پەیوەندی بکە بە نووسینگەی پشکنەری گشتی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران

**inspector@unhcr.org ,+٤١٢٢٧٣٩٨٨٤٤**

هەروەها دەتوانن ڕاپۆرتێک بە شێوەی ئۆنلاین لە

**www.unhcr.org/php/complaints.php**

تۆمار بکەن

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی help.unhcr.org/Iraq بکەن بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی بەردەستە.

UNHCR
The UN Refugee Agency

## چ پشتیوانییەک پێشکەش دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن دەستیان بگات بە ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاری بالای نەتەوەیکگرتووکان بۆکاروباری پەنابەران ؟

بۆ ئەو پەناخواز و پەنابەرانەی **کە حاڵەتی تەندروستی سەختیان هەیە و خاوەن پێداویستی تایبەتن** یان سەردانیکردنی ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاریی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران ئەبێ بە هەڕەشە بۆ سەر ژیانیان، ئەوە دەتوانرێت خزمەتگوزاری تۆمارکردن لە ڕێگەی سەردانی کەسیەوە بۆیان دابین بکرێ.

ئەگەر پێتوایە کە تۆ پێوەرەکان بە دی دەکە یت، **دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە هەر خۆبەخشێکی گەیاندنی کۆمەڵگا** لە کەمپەکەتدا کە دەتوانێت کەیسەکەت ڕەوانەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران بکات **یان سەردانی یەکەی پاراستنی ئینتەرسۆس بکە لە کەمپ** .

هەروەها دەتوانیت **بارودۆخی تاکەکەسی خۆت دیاری بکەیت لەکاتی پرۆسەی خشتەکردنی کاتی دیاریکردن** کاتێک پەیوەندیت پێدەگات لەلایەن کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران بۆ خشتەی کاتی دیاریکردنەکە.

## چۆن ئەو پەنابەرانەی کە لە کەمپدا نیشتەجێن دەتوانن بگەنە ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران؟

ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران دەکەوێتە شارۆچکەی بەحرکە

. **ناونیشان**: کۆتایی شەقامی سەرەکی بەحرکە بەرامبەر مزگەوتی مەلا شوان.

→ کۆدەکە سکان بکە بۆ شوێنی تەواو

**چۆن بگەینە ئەوێ**

**پاسەکانی گواستنەوەی گشتی** لە کەمپەکانی دارەشەکران، کەوەرگۆسک، و قوشتەپە بۆ ناوەندی شاری هەولێر (بازاڕی نیشتمان) هەموو کاتژمێرێک بەردەستن. لە سەنتەری شاری هەولێرەوە بۆ شارۆچکەی بەحرکە پاسەکانی گواستنەوەی گشتی هەر ١٥ خولەکێک بە درێژایی ڕێگای شەقامی شۆڕش و شەقامی ١٠٠مەتری کاردەکەن. وێستگەی کۆتایی ڕێگاکە بەحرکەیە کە ناوەندی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لێیە.

**تاکسی** :لە نێوان کەمپی ئاوارەکانی باسرمە و شارۆچکەی بەحرکە دا کاردەکەن.

## چۆن ئەو پەنابەرانەی کە لە کەمپەکان نیشتەجێن دەتوانن دەستیان بگات بەناوەندی خزمەتگوزارییەکانی تۆمارکردن و پاراستنی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ؟

١. **داوای کاتی چاوپێکەوتن:** پێش هاتن بۆ سەنتەر گرنگە داوای کاتی چاوپێکەوتن بکەیت .**کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ناتوانێت هاوکاریت بکات لە سەنتەرەکەدا بەبێ کاتێکی دیاریکراو**. دەتوانن بە بەکارهێنانی ئەم لینکە بە شێوەی ئۆنلاین داوای چاوپێکەوتن بکەن:
https://enketo.unhcr.org/x/CfLDELSa

دەتوانیت داوای کاتی چاوپێکەوتن بکەیت **بۆ تۆمارکردنی نوێ لە کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ، نوێکردنەوەی بڕوانامەی تۆماری کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران** ، بۆ ئەنجامدانی هەر **گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی خێزانەکەتدا** وەک هاوسەرگیری، لەدایکبوونی تازە، جیابوونەوە، یان **نوێکردنەوەی زانیارییەکانتان** کە پێشتر لەگەڵ کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هاوبەشکراون وەک ژمارەی تەلەفۆنەکەت.
**ئەگەر بڕوانامەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ەکەت نزیکە لە بەسەرچوون، پێویستە داوای چاوپێکەوتن بکەیت بەپێی ئەو پرۆسەیەی کە لە سەرەوە باسکراوە بۆ نوێکردنەوە.**

٢. **پەیوەندییەکت بۆ دێت کە چاوپێکەوتنەکەت پشتڕاست دەکاتەوە:** دوای ئەوەی فۆڕمەکەت پڕکردەوە بۆ داوای چاوپێکەوتن، کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە ماوەی ٥ بۆ ١٠ ڕۆژی کارکردندا پەیوەندیت پێوە دەکات لە ڕێگەی ئەم ژمارەیەوە **٠٧٥١٠١٠٤٤٤٠/٠٧٧٤٤٤٠٤٤٤٠** بۆ دیاریکردنی بەروار و کاتی چاوپێکەوتنەکەت. ناتوانیت پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەیت. ئەگەر نەتوانی پەیوەندییەکە وەربگریت، کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران هەوڵدەدات بە لایەنی کەم ٣ جار پەیوەندیت پێوە بکات پێش ئەوەی داواکارییەکەت دابخات. ئەگەر ٣ جار پەیوەندییەکانتان لەدەستدا، تکایە دووبارە فۆڕمی داواکاری چاوپێکەوتنی ناو تۆمارکردن پڕبکەنەوە.

٣. **سەردانی سەنتەرەکە بکە لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەتدا:** بەپێی ئامانجی سەردانەکەت، لەوانەیە داوات لێ بکرێت بەڵگەنامەی پشتیوانی لەگەڵ خۆت بهێنیت لە کاتی چاوپێکەوتنەکەت . ئەمانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرە:

- **بۆ تۆمارکردنی نوێ** لە کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران پێویستە **هەموو ئەندامانی خێزانەکە ئامادەبن** لە چاوپێکەوتنەکانی ناو تۆمارکردن.
- بۆ **نوێکردنەوەی** بڕوانامەکانی تۆماری کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران پێویستە **هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبن.**
- دڵنیابوون لە هێنانی **هەموو بەڵگەنامەیەکی ناسنامەی پێویست** بۆ خۆت و هەموو ئەندامانی خێزانەکەت بۆ کاتەکانی چاوپێکەوتنەکانت.
- دڵنیابە لە **هێنانی بڕوانامەی تۆمارکردنی یاسایی یان بەسەرچوو خێزان و تاکەکەسی** کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەت بۆ چاوپێکەوتنەکەت.